# ئاگاداری و ڕوونکردنەوە بۆ ڕای گشتی
# دەربارەی "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد"

ماوەیەکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن باس لە "کۆنگرەی نەتەوەیی کورد" دەکەن وە هەندێک کاریش لەم ئاراستەیەدا ئەنجامدراون. کۆنگرەکە بڕیارە لە ٢٤ی ئەم مانگەدا لە شاری هەولێر ببەسترێت.

بەر لە ٨ ساڵ ***دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی*** دوو دانە پرۆژەی کوردستانیی پێشکەش بە بەڕێزان مەسعود بارزانی و مام جەلال کرد. یەکێک لەو دوو پرۆژانە پێشنیارێک بوو بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی کوردستانی سەرتاسەری (ئەکادیمی-سیاسی). بە پێی ئەو پرۆژەیە دەبووایە کۆنگرەکە لە هەولێر بە بەشداری هێز و لایەن و کەسایەتییە کوردستانییەکان ببەسترێ.

یەکێک لە مەبەستە سەرەکیەکانی ئەو کۆنگرەیە ئەوەبوو کە لە ڕێگەی دیالۆگێکی ئەکادیمی-سیاسییەوە باس و گفتوگۆ دەربارەی دۆزی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان بکرێ. مەبەستێکی تری کۆنگرە ئەوەبوو کە ژمارەیەک بڕیار لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ و پێوەری نەتەوەیی (کوردستانی) بدرێت کە دواجار ببن بە بنەمای سیاسەت و دیپلۆماسیی کوردستانی. . . جگە لە ژمارەیەک گوتاری ئەکادیمی کە دەبوو لە لایەن شارەزایانی کورد و بیانی پێشکەش بکرێن، بڕیار بوو بەشێکی گرنگ لە کاتی کۆنفرانس بۆ چوار وۆرکشۆپی هاوتەریب (بۆ چوار پارچەی کوردستان) تەرخان بکرێ.

پرۆژەی ناوبراو پەسەند کرا وە زۆربەی زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیریان لێ کرد و ئامادەییان دەربڕی بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەکەدا، بەڵام کتوپڕ (تەنها چەند ڕۆژێک بەر لە بەستنی ئەو کۆنگرە نەتەوەییە کە بڕیار بوو لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨ ئەنجام بدرێ) لە لایەن دەسەڵاتەوە بڕیاردرا کە ئەو کۆنگرەیە نابێ ببەسترێت، هەر ئەو دەسەڵاتەی کە پێشتر پشتگیری لە کۆنگرەکە کردبوو.

لە لایەکی ترەوە، تەنها چەند مانگێک دوای بڕیاری شکستپێهێنانی کۆنگرەکە، جارێکی تر ئەم بیرۆکەیە، ئەم جارە لە لایەن دەسەڵات خۆیەوە، ئەو دەسەڵاتەی کە خۆی شکستی بە هەوڵەکەی *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* هێنابوو، سەری هەڵدایەوە . . . ئێستاش هەمان دەسەڵات پێشڕەوی هەوڵێکی سەرلەنوێ بۆ بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەکات، کە بە بۆچوونی ئێمە لە زۆرێک لە ئامانج و وردەکاریەکانیدا لەیەکچوونێکی یەکجار زۆری لەگەڵ ئەو کۆنگرەیەی کە ئێمە لە ٢٠٠٥دا پێشنیارمان کردبوو هەیە. جا نەک هەر لەبەر ئەم

ڕاستییە بەڵکو لەبەر زۆر هۆی تر بە پێویستمان زانی ڕای گشتی کوردستانی لە کۆمەڵێک ڕاستی ئاگادار بکەینەوە، بەو هیوایەی کە ئەم ڕوونکردنەوەیە نەک هەر تیشکێک بخاتە سەر هەوڵەکانی ڕابردوو، بەڵکو بشبێ بە بەرچاوڕوونی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان وە هاونیشتمانیانی ئازیز:

١) دوای ساڵێک لە پێشکەشکردنی پرۆژەی کۆنگرەی کوردستانی بە بەڕیزان تاڵەبانی و بارزانی، ڕێک لە هاوینی ٢٠٠٦ شاندێک لە لایەن *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانییەوە* چاوی بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کەوت بە مەبەستی بەرجەستەکردنی بیرۆکەی کۆنگرەی کوردستانی لای ئەو وە هەروەها بەدەستهێنانی پشتگیریان بۆ ئەو پرۆژەیە. بەڕێزیان زۆر بە گەرمی و بە پەرۆشییەکی زۆرەوە پێشوازی لە بیرۆکەی کۆنفرانس کرد و بەڵێنی دا کە هەرچی لە توانایدایە بیکات لە پشتگیریکردنی پرۆژەی کۆنگرە و سەرخستنی. لە ڕۆشنایی ئەو بەڵێنە کۆمیتەیەکی ئامادەکاری بە مەبەستی ئەنجامدانی لایەنە پراکتیکییەکان و ئامادەکاری بۆ کۆنگرە پێکهێنرا کە دەستە خۆی بوو بە بەشێک لەو کۆمیتەی ئامادەکارییە. کۆمیتەکە کارەکانی بەڕێوە برد بە بەشداری نوێنەرێکی خۆشی.

٢) بۆ ئەوەی ئامادەیی باشتری بۆ بکرێت، کۆنگرەکە دوو جار دواخرا وە دواجار بڕیار بوو لە ڕۆژانی ١٦ و ١٧ و ١٨ی مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا لە شاری هەولێر ببەسترێت. بڕیار وابوو لەم کۆنگرەیەدا زۆربەی هەرە زۆری حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ژمارەیەکی زۆر لە نوێنەرانی کۆمەڵگای مەدەنی و توێژی ئافرەتان و کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و دەسەلاتی سیاسی لە باشووری کوردستان بە هەرسێ دەسەڵاتەکەیەوە (پەرلەمان، حکومەت وە سەرۆکایەتی هەرێم) بەشدار ببن.

بەڵام، بە داخێکی زۆرەوە، دوای ئامادەکارییەکی یەکجار زۆر بۆ کۆنگرەکە، کە کات و وزەیەکی زۆری پێویست بوو وە دوای ئەوەی بە ڕەسمی بانگهێشتی میوانەکانیش کرابوو وە ئامادەیی جێگە و ڕێگەی کۆنفرانس تەواو ببوو وە بگرە دوای ئەوەشی کە ژمارەیەک لە میوانانی کۆنگرە (بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەکەدا) گەیشتبوونە کوردستانیش، لە ناکاو لە سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەر، کە دەکاتە تەنها دوو هەفتە بەر لە بەستنی کۆنگرە، بڕیاری شکستپێهێنانی کۆنگرە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە کۆمیتەی ئامادەکار ڕاگەیەندرا!

٣) ئەوەی کە بەردەوام جێگای داخە ئەوەیە کە تا ئێستاش دوای ئەو هەموو هەوڵە دڵسۆزانەیە، *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئاگادار نەکراوەتەوە لە وردەکارییەکانی بڕیاری ڕاگرتنی کۆنگرەی کوردستانی وە تا ئێستا، لەگەڵ چاوەڕوانییەکی زۆر، *دەستەیەک لە ڕووناکبیرانی کوردستانی* بە نووسراو لە وردەکارییەکانی ئەو بڕیارە

ئاگادار نەکراوینەتەوە؛ تەنیا ئەوە نەبێ کە بە شێوەیەکی زارەکی گوتراوە کە گوایە "بارودۆخ" ڕێگە نادات بە بەستنی کۆنگرەیەکی لەم شێوەیە لە هەولێر.

٤) گرنگە لێرەدا ئەوە بڵێین کە لە ماوەی کار و چالاکییەکانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرە ژمارەیەک کۆبوونەوەی چڕوپڕ و دوور و درێژ لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانە کراوە کە مەبەست بوو هەڵوێستیان بزانرێ و بۆ کۆنگرە فەرموویان لێبکرێ. دیارە ناکرێ لەم ڕاگەیاندنەی بەردەستدا ناوی هەر هەموو ئەو کەس و لایەنانە بهێنرێ کە بۆ ئەم مەبەستە سەردانیان کراوە و گفتوگۆیان لەگەڵدا کراوە. بە هەر حاڵ ئەوەی بە تایبەتی پەیوەندی بە هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی ئەوێوە هەیە، گرنگە ناوی هەندێک کەس و لایەن بهێنین کە سەردانیان کراوە، بگرە هەندێکیان زیاتر لە دوو یا سێ جار بینراون، لەوانەش جێگری سەرۆکی هەرێم (کۆسرەت ڕەسوڵ)، عومەر فەتاح، فازل میرانی (وەک سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیمۆکراتی کوردستان)، د. کەمال فوئاد (لە بری مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی)، سەلاحەدین بەهائەدین (سەرۆکی یەکگرتوی ئیسلامی)، قادر عەزیز (سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان)، کەمال شاکر (سکرتێری حیزبی کۆمەنیستی کوردستان)، عەلی باپیر (ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی)، محەممەدی حاجی مەحمود (سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی دیمۆکراتی کوردستان)، قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە ئەمریکا، عەدنان موفتی و کەمال کەرکوکی (سەرۆک و جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان) و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرس و کەسایەتی سیاسی و ئەکادیمی و ڕەوشەنبیری و بواری کۆمەڵگەی مەدەنی کوردستانی، لەوانەش بە تایبەتی چالاکوانانی بواری ئافرەتان.

بە هەر حاڵ دەبێ پەرۆشی و هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی زۆربەی هەرە زۆری هێزە سیاسی و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەرامبەر بە بیرۆکەی کۆنگرە و ئامادەیی تەواویان بۆ بەشداری تیایدا بەرز بنرخێنرێت و جختبکرێتەوە.

لێرەدا، جێگەی جختکردنەوەیە، کە بڵێین هەر هەموو ئەم بەڕێزانە بە گەرمی (دیارە بە هەندێک جیاوازی کەمەوە) پشتیوانی خۆیان بۆ ئەو پرۆژەی کۆنگرەیە دەربڕی، جگە لە متمانەی تەواویان بە نیاز و کاری دەستە و کۆمیتەی ئامادەکار. بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و دڵگرانییە ئەوەیە کە دوای بڕیاری شکستپێهێنانی کۆنگرەکە، بە هەمان ڕادەی پەرۆشییەوە گرنگییان بە مەسەلەی نەبەستنی کۆنگرە و هۆکارەکانی نەداوە. جێگەی خۆیەتی ئەم بەڕێزانە، کاتێک ئەمرۆ باس لە بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر دەکرێ، بە ڕاشکاوی و جختکردنەوە باس لەو هەوڵەی *دەستەیەک لە ڕووناکبیارنی کوردستانی* بکەن، ئەوە لەبەر ئەوە نا کە ئەو دەستەیە لە ڕووناکبیرانی کوردستانی پێویستییان بە ستایش بێت، بەڵکو لەبەر مەسەلەیەکی سیاسی یەکجار گرنگ ئەویش ئەوەیە کە ئەم کۆنگرەیەی کە بڕیارە لەم مانگەدا ببەسترێت بە هیچ شێوەیەک یەکەم هەوڵی نیە و لە ژمارە ***سفری مێژووییشەوە*** دەستپێناکات:

چونکە بە هەڵە خوێندنەوەی مێژوو دەکرێ کاریسەی سیاسی لێبکەوێتەوە. . . بە تایبەتی بێدەنگی و کارنەدانەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە ئاست بڕیاری نەبەستن و شکستپێهێنانی کۆنگرە پێنج ساڵ بەر لە ئێستا، لەگەڵ ئەوەشی کە خۆیان بە رادەی یەکەم بەرپرسن لە مەسەلەی نەبەستنی کۆنگرەکە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا. ئەم هەڵوێستە بە لایەنی کەمەوە ناشایستەیە. . .

٥) دەبێ ئەوەش جختبکرێتەوە کە نەک هەر مەبەستێکی سەرەکی ئەوەبوو کە کۆنگرەکە بە گفتوگۆی تێروتەسەل لەسەر دۆزی کورد، لە هەر چوار پارچەی کوردستان رابوەستێ، بەڵکو لە راگەیاندراوێکی کۆتاییدا دەستنیشانی کێشەکان و چارەسەریەکان لە سیاسەت و دیپلۆماسی کوردستانی بکات، بە بێ جیاوازی پارچەکان. نەک هەر ئەوە بەڵکو لە کاتی خۆئامادەکردندا بۆچوونێک گەڵاڵە بوو ئەویش ئەوە بوو کە کۆنگرە نابێ تەنها رووداوی یەکجار بێت. بەم شێوەیە بڕیار بوو کە بیرۆکەی دامەزراندنی (مونتەدا یا مولتەقا)یەکی کوردستانی، کە وەک دامەزراوەیەکی نەتەوەیی هەمیشەی کوردستانی ببێتە سەرچاوەی فەراهەمکردنی هاوئاهەنگیەکی سەرتاسەری کوردستانی؛ بەڵکو لە دواڕۆژیشدا ببوایەتە کۆمکارێکی نەتەوەیی کوردستانی.
٦) کرۆکی ئەو گوتار و دروشمەی کە بۆ کۆنگرە ئامادەکرابوو ئەمە بوو (**ئاشتی لە ناوەوە وە ئاشتی لەگەڵ دەرەوە؛ دیالۆگ لە ناوەوە وە دیالۆگ لەگەڵ دەرەوە**). بە مانایەکی تر ئاشتی و دیالۆگی کوردی-کوردی و ئاشتی و دیالۆگی کورد لەگەڵ دەرەوە). بەڵام ئەوەی کە پێویستە جختبکرێتەوە ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک مەبەست لەم دروشمە ئەوە نەبوو کە چەکفڕێدان بەسەر (پکک)دا بسەپێندرێ. بە مانایەکی تر ئێمە لەو باوەڕەدا بووین کە بەم شێوە گوتار و دروشمە دەکرێ کۆمەڵێک مەبەستی نەتەوەیی (واتە ناوەخۆیی کوردی-کوردی) و ئیقلیمی و نێونەتەوەیی بپێکێندرێ. . .

٧) لە کاتێکدا باسی بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لە هەولێر لەم رۆژانەدا گەرموگورە، پێویستە چەند خاڵێکی تر دەربارەی ئەم بابەتە بخرێنە روو:

أ- پێویستە لە لایەن ئامادەکارانی ئەو کۆنگرەیەی کە چاوەڕوانکراوە، زۆر بە تایبەتی سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی، پێزانینێکی ئاشکرا و رەسمی پیشان بدەن لەمەڕ کار و خەباتی پێشووی *دەستەیەک لە رووناکبیرانی کوردستانی و* ئەزموونەکانی پێشووتر لە بواری بونیادنانی کۆنگرەی نەتەوەیی و لەشکرێک لە سەربازی ون کە لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات ساڵانێکی زۆرە خەبات لە پێناوی دامەزراندنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی گشتگیر دەکەن. جگە لەمەش بۆ خەڵکی کوردستانی روونبکەنەوە کە ئایا هۆی چی بوو کاتی خۆی دەسەڵاتی ئەو دوو حیزبە شکستیان بەو کۆنگرەیە هێنا کە بڕیار بوو لە هەولێر لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٨دا ببەسترێت؛

ب- دەبێ جختبکرێتەوە، کۆنگرەی نەتەوەیی "کوردستان" دەبێ ئامرازێک بێت بەدەست نەتەوەوە بۆ ئەوەی بە کاری بهێنێ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی نەتەوەیی و پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییە هەرە بەرزەکانی. بۆیە لایەنی کەمی چاوەڕوانی لەو هێز و کەسایەتی و رەوشەنبیرانەی کە بڕیارە بەشدار بن لە کۆنگرەی چاوەڕوانکراودا ئەوەیە کە نەبن بە بەشێک لە گەمەیەک کە دواجار لەبری سوودی نەتەوەیی زیانێکی زۆری نەتەوەیی لە کۆنگرەکە بکەوێتەوە. . . لە پیناوی ئەوەی کە شتێکی ئاوهاش روو نەدات پێویستە هەموو لایەنە بەشدارەکان بە تایبەتی هێزە سیاسییە سەرەکییەکان هەرچییێکیان لە هەگبەدا هەیە لە مەر پەیوەندییە ئیقلیمییەکان بە روون و ئاشکرا و ئەو پەڕی کراوەییەوە بیخەنە سەر مێزی گفتوگۆی کۆنگرە. لە پێناوی ئەوەشی کە هیچ تاکە سەرکردەیەک نەبێتە تاکە سەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی و پرۆژەی یەکێتی نەتەوەییدا وا باشە کە مێتۆدی ***کۆسەرۆک*** (واتە سەرۆکایەتییەکی بە کۆمەڵ بەبێ تاکە سەرۆک) بۆ سەرکردایەتی داهاتووی کۆنگرە بەکار ببردرێت وە ئەو کۆسەرۆکایەتییە لە ژمارەیەک ***کۆسەرۆک*** پێک بێ، کە تیایدا نەک هەر مافی هەر بەشێکی کوردستان، بەڵکو مافی ئافرەتان و گەنجانیش ڕەچاو کرابێت.

دەستەیەک لە رووناکبیرانی کوردستانی
کوردستان - سوید، ٢٠١٣/٨/٥

---

**تێبینی:**

١) بەشێک لە دەقی ئەم راگەیاندراوەی بەردەست لە راگەیاندراوێکی پێشووی (*دەستەیەک لە رووناکبیرانی کوردستانی*)، کە لە بەرواری ٢٠٠٩/٣/٢٥دا بڵاوبۆتەوە، وەرگیراوە.

٢) تکایە بۆ بینینی ئەو پرۆژەیەی کە بەر لە ٨ ساڵ پێشکەش بە لایەنە پەیوەندیدارەکان کرابوو، بڕوانە: http://burhanyassin.com/proje%202%20PDF.pd